# ئاڵای کوردستان!

هەر گەل و نەتەوەیێک ئاڵای نەبێ، بە واتای ئەوەیە: خۆی نەناسیوە و وشیاریی نەتەوایەتی نییە و بەوە نەگەییشتووە خوازیاری دەوڵەت بێ! ئاڵا، نیشانەی هەبوون و سینبولی یەککرتنی هەر گەل و نەتەوەیێکە.

ئاڵای کوردستان، لە چوار رەنگ پێکهاتووە، سوور و زەرد و سپی و سەوز. هەرچەند هەر کەسێک بە گوێرەی چەشە و مرخی خۆی، رەنگەکان لێک دەداتەوە، رەنگی سەوز نیشانەی ژیان و درێژەی زیندەگی و سروشت و گوڵ و گیایە، رەنگی سوور نیشانەی خەبات و تێکۆشان و شۆڕشە، رەنگی سپی نیشانەی پاکیی و ئاشتیی و بەفری سەر چیاکانی کوردستانە، بوونی رۆژ یان هەتاویش لە ناو ئەو ئاڵایەدا، دەگەڕێتەوە بۆ (رۆژ پەرسیی) لە ناو کورددا، چونکە کورد هەر لە کۆنەوە رۆژ پەرست یان هەتاو پەرست بووە، کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە زەردەشت، واتە: میترا پەرستیی یان مێهر پەرستیی و ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان، جگە لە ئیزدییەکان و یارسان، یان کاکەیی یەکان، خەڵک بە رۆژ یان هەتاو و تەنانەت بە مانگ و ئەستێرەش سوێند دەخۆن.

ئێستا کە هەلێکی مێژوویی بۆ کورد رەخساوە، ئاوات و هیوای دڵی هەموو کوردێکە، سیاسەتوانانی کورد، ئەوە لەبەرچاو بگرن و بۆ رای گشتیی نەتەوەکەیان رێز دابنێن، چونکە دەتوانم بڵێم، ئێستا خەڵکی کورد، بۆ ئەم ئاڵایەی کە هەیە، رێز دادەنێ و حەز دەکەن، حیزب و رێکخراوەکانی کوردستانیش رێزی بۆ دابنێن و وەکوو ئاڵای نەتەوەیی کورد چاوی لێ بکەن و بە رەسمییەتی بناسن، چونکە ئەگەر ئەو کارە بکەن، دەبێ بە دەسکەوتێکی سیاسی و ئەو ئاڵایەش دەبێ بە نیشانە بۆ یەککرتنی گەلی کورد و یەکێ لە ناسنامەکانی ناسینەوەی گەلی کورد لە جیهاندا، هەتا لە یاد و بیرانینگەلێکدا کە نەتەوەیین، لە وێنەی نەورۆز و یادی هەڵبجە و کۆڕەوی باشووری کوردستان و رۆژی کوردستان و زۆر بۆنە و ئاهەنگی دیکە، بەرز بکرێتەوە و هەڵبدرێ.

حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، ئەوانەیان کە خەباتی نەتەوەییان کردووە، هەر دەرفەتێک بۆ کورد هاتبێتە پێش، ئاڵایەکیان درووست کردووە. شێخ مەحمودی نەمر، کە حکومەتی کوردستانی لە سلێمانی راگەیاند، سالانی ١٩١١ تا ١٩٢١، ئاڵایەکی بۆ ئەو حکومەتە ساز کردووە و هەڵیان داوە. ساڵی ١٩٤٣ی زایینی، (کۆمەڵەی ژێ کاف) لە کوردستانی بندەستی ئێران و (حیزبی هیوا) لە کوردستانی بندەستی ئێراق و (کۆمەڵەی خۆیبوون) لە کوردستانی بندەستی تورکییە، لە چیای دالانپەڕ، وەکوو نوێنەرانی سێ پارچەی کوردستان، پەیمانی سێ سنووریان مۆر کردووە و نەخشەی جوغرافیای کوردستانیان دەسنیشان کردووە و لەسەر مەسەلەی کوردستانی گەورە رێک کەوتوون، هەروەسا ئاڵاشیان دیاریی

کردووه و ئەو ئاڵایەی کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، مانگێک پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، ڕۆژی (١٩٤٥/١٢/١٧) هەڵدراوە، هی ئەو سەردەمە بووە. بەڵام خۆی لە ڕاستیدا، ئەم ئاڵایەی کوردستان کە ئێستا لە باشووری کوردستان هەڵدراوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆمەڵەی خۆیبوون، کە لە کوردستانی بندەستی تورکیە دامەرزاوە و کۆمەڵەی خۆیبوون ئەو ئاڵایەی درووست کردووە! بەڵام کاتێک کە شێخ عەبدولقادر لەگەڵ دوکتۆر فوئاد و شێخ سەعید و هاوڕێیانی دیکەیان ئیعدام کراون، حاجی سەیید عەبدوڵڵا ئەفەندی، کوڕی شێخ عەبولقادری ناوبراو، پەنای هێناوەتە بەر کوردستانی بندەستی ئێران و ئەو ئاڵایەی پێشکەش کردووە بە کۆمەڵەی ژێکاف لە مەهاباد و ئەوانیش وەکوو یادگار هەڵیانگرتووە، هەتا ئەو کاتەی کە کۆماری کوردستان لە مەهاباد دامەرزاوە! لێرەشدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە:

ڕۆژی (١٩٤٦/١/٢٢)یش، لە مەهاباد، کە کۆماری کوردستان ڕاگەیێندراوە، ئەو ئاڵایەیان لە جێگای ئاڵای ئێران، لە سەر بینای دادگای شاری مەهاباد هەڵداوە و جگە لەو ئاڵایەش، شەهیدی نەمر، پێشەوا قازی موحەمەد، وەکوو سەرۆکی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، لە ژووری کارەکەیدا، نەخشەی کوردستانی هەڵواسیووە!

بەڵام بەداخەوە، لە پاش لەدەسچوون و ڕووخاندنی ئەو دوو حکومەتە بە دەستی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان، حیزبە نەتەوەیی یەکانی کوردستان، بەتایبەت ئەوانەیان کە بەناو خەباتی نەتەوایەتییان کردووە، لەبەر چەندین هۆکاری سیاسیی ناوەوە و دەرەوە، بیری ئۆتۆنۆمی و مافی چارەنووس و خودموختارییان لەناو خەڵکدا بلاو کردەوە و ئاڵای کوردستان و سەربەخۆیی کوردستانیان لەبیر کرد، تەنانەت ساڵی ١٩٧٩ی زایینی کە شایان لە ئێران دەرکرد و کۆماری ئیسلامی هاتە سەرکار، بەڕێوەبەرانی حیزبی دێمۆکرات کە حیزبێکی نەتەوەیی یە، نە تەنیا شەقامێکیان بە ناوی شاعیر یان تێکۆشەرێکی کوردەوە نەکرد، ئیتر حیزبەکانی دیکە با بوەستێ، بەڵکوو ئاڵای کوردستانیان لە هیچ شوێنێک هەڵنەدا، ناوازە ئەو کاتەی کە کوردستانمان بە دەستەوە بوو!

ڕاستە کوردستان و خەڵکی کورد بە هۆی بارودۆخی سیاسییەوە لە پاودانێکی ناسک و هەستیاردایە و داگیرکەرەکانیشی ئەو مافەی پێ ڕەوا نابینن، بەڵام بە داخەوە حیزبەکانی کوردستان کە نوێنەری خەڵکی کوردن، ئەو مافە بە خۆیان و خەڵکی کورد ڕەوا نابینن کە  ئاڵای کوردستان، وەک نیشانەیێکی نەتەوەیی بەرز بکەنەوە و بیکەن بە سیمبۆلی نەتەوەیی خۆیان، بەڵام ئەوە ماوەیێکی زۆرە، جێگای خۆشحاڵییە و شانازیێکی گەورەیە کە پارتی و یەکیەتی لە باشووری کوردستان، ئەو ئاڵایەیان لە بان پارلەمانی کوردستان و زۆر شوێنی دیکەوە هەڵداوە، هەرچەند درەنگ فریا کەوتن، وەلێ دیسان پێم وایە کە ئەوە مافی ڕەوای میللەتی کوردە و جێی خۆیەتی، حیزبەکانی دیکەی هەر چوار پارچەی کوردستانیش، لەم کاتەدا کە پرسگرێکی کورد وەکوو پرسگرێکێکی نەتەوەیی سیاسی چاوی لێ دەکرێ،

 ئالاى كوردستان شانبەشانى ئالاى حيزبەكەى خۆيان هەڵبدەن، چونكە سەردەم، سەردەمى خەباتى نەتەوايەتييە و دەتوانم بڵێم: زۆربەى زۆرى خەڵكى كورد، ئاواتەخواز و خوازيارى رزگاريى كوردستانن و بۆ پاراستنى زمانى كورديى كە كۆڵەكەى هێشتنەوەى گەلى كوردە خەبات دەكەن و تێدەكۆشن.

من لێرەدا لە كادەك و سكرتێرى ئەو حيزبە، بەرێز عوسمان ئۆجەلان و تەواوى كادر و ئەندامەكانيان پيرۆزبايى دەكەم و خۆشحاڵم كە بە تێكراى دەنگ، ئەم ئالايەى ئێستاى كوردستانيان بە ئالاى نەتەوەيى كورد و كوردستان ناسيوە. تا ئەو جێگايەش من ئاگادار بم و بيستوومە، كۆمەڵەى شۆڕشگێڕى زەحمەتكێشانى كوردستانى بندەستى ئێران، بە زۆربەى دەنگ، بەوە گەييشتوون، ئالاى كوردستان لە پاڵ ئالاى كۆمەڵە، لە بارەگا و مەقەڕ و ئوردووگاكانياندا هەڵبدەن و ئەمەش جێگاى خۆشحاڵييە بۆ گەلى كورد، چونكە چەندە خۆشەويستن، ئەوەندەى ديكەش خۆشەويست دەبن.

ئێمە كە لە وڵاتى سويد دەژين و حكوومەتێكى سووسيال دێمۆكراتە، هەر هەموو حيزبەكانى ئەم وڵاتە، بە چەپ و راستييەوە، بێ ئەوەى دەنگيشى بۆ بدەن، ئالاى سويديان بە ئالاى نەتەوەيى خۆيان ناسيوە.

هيوادارم حيزبەكانى كوردستان و خەڵكى كورد بە گشتيى،  ئالاى كوردستان، وەكوو ئالاى نەتەوەيى گەلى كورد، لە خۆنيشاندان و كۆڕ و كۆبوونەوە و ئاهەنگ و يادكردنەوەكاندا، شێلگيرانە و لێبڕاوانە، بەرز بكەنەوە و شانازيى پێوە بكەن.

لە كاتى ئێستادا و لە رۆژێكى وەها ناسك و هەستياريشدا، گرنگ نييە كورد كامە ئالا هەڵدەبژێرێ و هەڵيدەدا، گرنگ ئەوەيە ئەو ئالايە وەكوو سيمبۆڵى يەكگرتنى كورد بەرز بكرێتەوە، چونكە فەلەستينييەكان بەرلەوەى ناوچەيەكى ئۆتۆنۆمى بۆ خۆيان ساز بكەن، يا بۆيان دەستنيشان بكرێ، ئالايەكيان بۆ خۆيان درووست كرد، كە ئێستا لە جيهاندا بەئالاى فەلەستين دەناسرێ. ئێستاش كە دەوڵەتيان راگەياندووە، ئەو ئالايە لە هەموو بۆنە و خۆنيشاندان و ئاهەنگێكدا بەرز دەكرێتەوە. جا لێرەدا دەبێ، حيزبەكان ئەمەش نەكەن بە پێشبڕكێ و ناكۆكى كە چ حيزب و لايەنێك درووستى كردووە، يان زووتر هەڵيداوە، گرنگ ئەوەيە كە هەموو حيزبەكان و خەڵكى كورد بە گشتيى پەسندى بكەن و بە رەسمييەتى بناسن.

ناسرى رەزازى. ستۆكهۆڵم، ٢٠٠٣/٩/٢٧